Kirkuk University Journal of Humanities Studies

مجلة جامعة كركوك للدراسات الإنسانية

https://kujhs.uokirkuk.edu.iq/

# Reflection of the Yazidi Genocide in the book (Shoes of Sinjar) by (Dr. Mawlud Ibrahim Hassan)

Dr. Shaxawan Farhad Mohammad
Aarts Depaetment- Institute of Fine Arets
Ministry of Highre Education –Erbil
shaxawan.mohammad@su.edu.krd

Dlawer Omer Hamad
Rozak Typical Secondary School
Ministry of Highre Education -Erbil
dlawaromer 83@gmail.com

تاريخ 1-10-2024 تاريخ التعديل 29-10-2024 تاريخ القبول 4-11-2024

The Kurdish nation, situated in the Middle East, has endured numerous forms of genocide since the establishment of the Iraqi state, particularly following the annexation of the Mosul province. These acts of persecution include forced Arabization through deportations, altering the region's demographics and topography, as well as the Anfal campaign, which targeted the Barzanis, Faili Kurds, and other groups. This period witnessed widespread atrocities such as chemical attacks and mass exterminations. Despite the gravity of these events, there remains a significant gap in academic and scientific research on the subject.

One of the most devastating instances of this persecution is the genocide of the Yazidi people, a crime that deeply shocked the international community. This research focuses on the representation of the Yazidi genocide in Kurdish literature, specifically in the poetry of Dr. Mawloud Ibrahim Hassan's Shoes of Sinjar. The study seeks to examine how this tragic event is reflected in Kurdish literary discourse, particularly in poetry, and how Dr. Mawloud Ibrahim Hassan conveys the magnitude, response, and impact of the genocide. It explores how the poet's thoughts, emotions, and humanitarian message were shaped by this tragedy, analyzing the ways in which he transformed the reality of the event into poetic imagery and constructed the scenes of suffering that underpin his work, Shoes of Sinjar.

Keywords: Concept Genocide, Yazidi tragedy, Shoes of Sinjar, humanitarian message, thematic structure.

**ملخص البحث باللغة العربية:**

**الأمة الكردية كأمة في الشرق الأوسط، بعد قيام الدولة العراقية، بسبب ضم محافظة الموصل إلى البلاد، ارتكبت ضدهم عدة أنواع من الإبادة الجماعية، منها: عملية الترحيل إلى العرب غيروا التركيبة السكانية وتضاريس المنطقة، ثم جرائم الأنفال ضد البارزانيين والأكراد الفيليين، والغزو السيء السمعة للأنفال والهجمات الكيماوية والإبادة. لحد الأن لم يتم كتابة عمل الأكاديمي والبحث العلمي المناسب حولها، ومن هذه الجرائم الإبادة الجماعية للأمة الإيزيدية، وهي جريمة كبرى ضد الإنسانية، والتي صدمت المجتمع الدولي. ولذلك كان عنوان بحثنا(انعكاس الإبادة الجماعية للإيزيديين في كتاب(حذاء سنجار) للكاتب (الدكتور مولود ابراهيم حسن). فلنستعرض حجم وردة الفعل وتأثير هذه الجريمة والمأساة المؤلمة باللغة الكردية الأدب بشكل عام وفي النوع الشعري بشكل خاص كيف وبأي طريقة عمل(د.مولود إبراهيم حسن)كيف ألهم هذا الحدث شعر الشاعر وأثار أفكاره ومشاعره وعواطفه من خلال هذه الرسالة الإنسانية ماذا هل يقصد أن يقدم؟ كيف أخذ الشاعر حقيقة هذه المأساة وأبدع الشعر كيف أسس المشاهد المأساوية لأهل سنجار؟.**

**الكلمات المفتاحية: مفهوم الإبادة الجماعية، المأساة الإيزيدية، حذاء السنجاريين، الرسالة والبنية الموضوعية.**

# ڕەنگدانەوەی جینۆسایدی ئێزیدییەکان لەدیوانی( پێڵاوی شەنگالییەکان)ی (د.مەولود ئیبراهیم حەسەن)دا

**د. شاخەوان فەرهاد محمد [1]** **م.م. دلاوەر عومەر حەمەد [2]**

:پێشەکی:

**. .1: ناونیشانی توێژینەوەکە:**

بریتییە لە:(ڕەنگدانەوەی جینۆسایدی ئێزیدییەکان لەدیوانی(پێڵاوی شەنگالییەکان)ی(د. مەولود ئیبراهیم حەسەن)دا.

**. .2: سنووری ئەم توێژینەوەکە**

توێژینەوەکە تایبەتە بەجینۆسایدی ئێزیییەکان و چۆنیەتی ڕەنگدانەوەی لەدیوانەشیعری(پێڵاوی شەنگالییەکان)ی (د.مەولود ئیبراهیم حەسەن)دا.

**. .3: گرفت و گریمانەی توێژینەوەکە**

**1 وزارة التربية إقليم كوردستان معهد الفنون الجميلة قسم المسرح**

**[2] وزارة التربية إقليم كوردستان أربيل**

خۆی لەمەدا دەبینێتەوە؛ کە هەر توێژینەوەیەکی زانستی هەوڵدەدات بەڕێگەی دیاریکردنی گرفت و کێشەیەکی دیاریکراو لەسەر پرسێکی گرنگ، هەنگاوەکانی توێژینەوەکەی دەستپێبکات. ئێمە لەم توێژینەوەیەدا مەبەستمانە، وەڵامی گریمانەی ئەم پرسیارانە بدەینەوە: ئایا تا چەند هەوڵدراوە و توانراوە گەورەیی ئەم جۆرە ڕووداو و تاوانانە بۆ جیهانی دەرەوە بخرێنە ڕوو؟ ئایا لەڕێگەی فیلمی دیکۆمێنتاری و کەناڵ و هۆیەکانی ڕاگەیاندنەوە تا چەند کاریگەری و کاردانەوەی لەدنیای دەرەوەدا هەبووە؟ ئایا توانراوە نەوەی نوێی پێ ئاشنا بکرێت؟ ئایا دەگونجێت شیعر هۆکارێك بێت، بۆ بەزیندوو هێشتنەوەی ئەم جۆرە کارەساتانە و خستنەڕوویان بۆ نەوەی داهاتوو؟ ئایا دەگونجێت ژانری شیعرەوە فاکتەرێك بێت، بۆ ئەوەی جارێکی تر ڕووداوەکان بگێڕینەوە تا بەشێوەیەکی تەواو زانستی ببێتە مێژوو و بچێتە نێو پرۆگرامی خوێندنەوە؟.

. .4: **هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە**: ئەوەیە گەورەیی ئەنجامدانی تاوانەکانی جینۆسایدی گەلی کورد بەگشتی و بەتایبەتیش جینۆسایدی ئێزیدییەکان بخاتەڕوو. لەڕێگەی ڕۆڵ و ئەرکی ژانری شیعرەوە، وێنای چۆنیەتی ڕووداوەکان بکات و دیمەنی مەرگەسات و نەهامەتییەکانی ئەم نەتەوەیە پیشانبدات. بایەخی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە: ئێستاکە زیاتر پێویستیمان بەوە هەیە، ڕووداوە و ناخۆشی و ناسۆرییەکانی ڕابردوو بهێنینەوە یادی هەموومان، تا بەیەکەوە دەست بەسەرکەوتن و دەستکەوتە مێژووییەکانمانەوە بگرین، کە لەسایەی قوربانیدان و خوێنی شەهیدەکانمانەوە بەدەستمان هێناون، تا پتر سۆز و هەستی نیشتمانیمان زیاتر بێت و بایەخی ئازادی و یەکسانی و پێکەوە ژیانی یەکتر بزانین.

**. .5: ئامانجی توێژینەوەکە**

خستەڕووی وێنەی کارەسات و تاوانەکانی ئەم جینۆسایدە، لەمیانەی بواری ئەدەبی و شیعرەوە، بەمەبەستی هاوسۆزی و هاوپشتی، لەگەڵ کەسوکاری قوربانیانی ئێزیدی بەدەستی چەتەگەری و دڕندایەتی تیرۆریستانی داعش و هاوکاتیش بۆ دەربڕینی نارەزایی و ڕك و کینە بەڕووی ئەم گرووپە مرۆڤکوژە، تا ئەم تاوانە پرۆتستۆ بکرێت و پەیام و بابەتەکەی بخاتەڕوو.

**. .6: میتۆدی توێژینەوەکە**

ئەم توێژینەوەیە بەمیتۆدی**(شیکاری- وەسفی)**، کاری لەسەر کراوە.

. .7: **پێکهاتەی توێژینەوەکە؛** لە پوختە و پێشەکی و دووبەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە، بەمشێوەیە: لەپێشەکیدا سنوور و گرفت و گریمانە وهۆکار و ئامانج و میتۆدی توێژینەوەکە خراوەتە ڕوو. دواتر لەبەشی یەکەمدا، بەشێوەی تیۆریی باس لەچەمك و پێناسەی زاراوەی جینۆساید و پۆلینکردنی جۆرەکانی و پاشان شیکردنەوە و شرۆڤەکردنی جینۆسایدی ئێزیدییەکان کراوە. پاشان ناساندنی دیوانی پێڵاوی شەنگالییەکان خراوەتەڕوو. ئینجا لەبەشی دووەمدا بەشێوەی پراکتیکی باسی ڕەنگدانەوەی جینۆسایدی ئێزیدییەکان لەدیوانەکە و دواتر دەستنیشانی بنیاتی هزری و هونەریی ئەم پەیام و بابەت و ڕەمز و کەرەستانە کراوە. لەکۆتایی توێژینەوەکەدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوە بە زمانەکانی (عەرەبی و ئینگلیزی)،دەخرێتەڕوو.

## 1. چەمك و پێناسەی زاراوەی جینۆساید و پۆلینکردنی جۆرەکانی

1. 1: **چەمك و پێناسەی زاراوەی جینۆساید**: لەڕووی پێکهاتەی زمانییەوە، لەدوو وشە پێکهاتووە:

( 1- وشەیەکی گریکی Genos واتە: ڕەگەز، بنەچە. 2- وشەیەکی لاتینی Caeder واتە: کوشتن، فەوتاندن. بەلێکدانی هەردوو وشەکە(فەوتاندنی بنەچە)(Genocide) پێك دێت )(گوڵ، 2010، 21).

بۆ یەکەمجار ئەم زاراوەیە لەلایەن شارەزایەکی یاسایی پۆڵەندی(ڕافائیل لیمیکن)لەشاری(مەدرید لە کۆنفرانسێکدا لەساڵی(1933)، بەکارهاتووە و دواتر لەساڵی(1942)، بەنووسین تۆماری کردووە)(امین، 2015، 89). لەپاش ئەنجامدانی ئەمجۆرە کردەوە تاوانکارییە لەهەمبەر جینۆسایدی مرۆڤایەتی گەلان لەجیهاندا، بۆیە ئەم زاراوەیە بەمشێوەیە پێناسەکراوە:(پرۆسەیەکە بۆ لەناوبردنی پێکهاتەیەك کە لە ناوچەیەکدا دەژین یان ڕاگواستنیان بەزۆرەملێ بۆ ناوچەیەکی تر لەگەڵ سڕینەوەی کەلتوری(نەتەوەیی، ئاینی، ئاینزایی)و تێکدانی ئاسەوار و شوێنەوار، ئەم پرۆسەیەش بەبەرنامە ئەنجام دەدرێت)(عزیز، 2013، 13). لەلایەکی دیکەوە تاوانی کۆکوژی مەبەستی لەپاکتاوکردن، یان هەوڵدان بۆ قڕکردنی هەر دەستە و تاقمێکی مرۆڤە، بۆیە بەواتای(قڕکردنی ڕەگەزی مرۆڤە، کە تیایدا پرۆسێسی کۆکوژی و کۆشتنی تاکەکانی هەر کۆمەڵێك، یان دەستدرێژیکردنی لەچوارچێوە بەدەرە، کە دەرهەق بەتاکەکان، جا چ جەستەیی بێت، یاخود دەروونی دەگرێتەوە، یاخود ناچارکردنیانە بەدەر لەئیرادەی خۆیان بخرێنە نێو بارودۆخێکی سەختیی ژیانەوە، تا ئاستی لەنێوبردن، یان پەرتەوازەکردنی نەوەکانیان)(أﷲ، 1968، 1). بۆیە جینۆساید تاوانێکی دڕندانەیە لەدژی مرۆڤایەتی(نەك هەر وڵاتانی تاوانکار بەڵکو ئەو کەسانەش کە بەئەنجامدانی جینۆساید تاوانبار دەکرێن، لێپرسینەوەی یاسایی، نێونەتەوەیی دەکەوێتە ئەستۆیان)(گوڵ، 2010، 21). هەروەها کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان بەمجۆرە پێناسەی جینۆساید دەکات، بەپشت بەستنی پەیماننامەی ژمارە(260)ی خولی ئاسایی سێیەم، لەڕێکەوتی(1948/12/9)، لەبەندی دووەمیدا بەمشێوەیە هاتووە:پراکتیزەکردنی هەرجۆرە(کارێك بەمەبەستی لەناوبردنی هەموو یان بەشێك لەکۆمەڵی مرۆڤایەتی ئەنجام دەدرێت لەڕووی سیفاتی نەتەوەیی، ڕەگەزی، نیشتمانی و ئایینی)(دزەیی، 2001، 40). کەواتە دەتوانین بەشێوەیەکی گشتی بڵێین: زاراوەی جینۆساید بریتییە لە لەناوبردن و پاکتاوکردن و کوشتنی هەندێك یان تێکڕای پێکەوەی خەڵکی، بەهۆکاری ڕەگەزی و ئیتنیکی و نەتەوەیی و ئاینی و کەلتووری، یاخود هەر جۆرە هۆیەکی دیکە بێت.

### 1. 2: پۆلینکردنی جۆرەکانی جینۆساید

بەشێوەیەکی گشتی جۆرەکانی ئەنجامدانی ئەم پرۆسەیە بەپوختی دەخەینەڕوو:

1- جینۆسایدی فیزیکی(جەستەیی):ئەمجۆرەیان باوترینیانە، بریتییە لە(کوشتن و لەناوبردنی تاکەکانی کۆمەڵگە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، وەکو:(زیندەبەچاڵکردن، شوێن بزرکردن، گوشبارانکردن، لەسێدارەدان، بەکارهێنانی چەکی قڕکردنی وەکو: کیمیاوی و فۆسفۆڕی و ژەهر و ....هتد)(امین، 2013، 89).

2– جینۆسایدی بیۆلۆژی:جۆری ئەم تاوانەش لەلایەن ئەنجامدەرانییەوە ئەوەیە، کە لەڕێگەی زۆربوون و پێشکەوتن و گەشەسەندنی ژمارەی دانیشتوانی ناوچەیەك یاخود نەتەوەیەك بەربەستی بۆ دروستدەکرێت، بەهۆی منداڵبوون و زیادکردن، لەمیانەی( نەزۆك کردن و لەباربردنی ئافرەت و خەساندنی پیاوان یاخود لەڕێگای دابڕینی پیاوان لەژنان، دابڕاندنی ئەندامانی خێزان بۆ ماوەیەکی درێژ لەیەکتری، کە مەرام و نیاز فەوتاندنی وەچەی داهاتووی ئەو نەتەوە یان کۆمەڵەیە)(دزەیی، 2001، 44).

ئەمجۆرەشیان لەهێرشە شوومەکانی(1983)و بەزۆر ڕاگواستن و دەرکردنی کوردانی فەیلی و ئەنفالی بارزانییەکان لەساڵی(1988)،لەخوارووی کوردستاندا بەرامبەر بەگەلی کورد پەیڕەوکراوە، بەتایبەتی: (دابڕینی پیاوان لەژنان، کچان لەدایك و باوك و لەدوایشدا لەدایکیان)(دزەیی، 2001، 44).

3- جینۆسایدی کەلتووری- نەتەوەیی: ئەنجامدانی ئەم پرۆسەیەش ئامانجی ئەوەیە، کە زمان و ڕۆشنبیری و شێواندنی دیرۆك و سڕینەوە و فەوتاندن و نەهێشتنی سیمای کەلتووری و نەتەوەیی و یەکێتی هاوبەشی نێوان خەڵکەکان، دواتر وێرانکردنی(ژینگە و جێگە و ڕێگە و شوێنەوارەکان و دێهات) (عبدالعزیز ، 2005، 35). نموونەی هەرە دیاری ئەمجۆرەشیان، ئەو تاوانانەی لەلایەن ڕژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عێراقەوە، کە بەرانبەر بەکورد کراوە، لەوانەش:(ڕووخاندنی مزگەوت و شوێنەوارە دێرینەکان و گۆڕینی ناوی گەڕەك و قوتابخانە و شار و شارۆچکەکان بەناوی عەرەبی و شێواندنی دیرۆك و کەلتووری بەهەموو جۆرێك) (عبدالعزیز ، 2005، 36).

4- جینۆسایدی ئابووری: شێوەیەکی دیکەی جینۆسایدە، دەتوانرێ بە وێرانکردنی ئابووری ناوی بنێین. واتە وێرانکردنی سامان و سروشت و بەروبوومی ناوچەکان، یاخود تاڵانکردنی ماڵ و سامان و سەرچاوە ئابوورییەکانی نەتەوەیەك، کە لەدواجاردا برسیکردن بەدوای خۆیدا دەهێنێت، لەوانەش:(برسیکردن دانیشتوان لەڕێگای تەختکردن کێڵگە کشتوکاڵییەکان و لەناوبردنی سەرچاوە ئاوییەکان و ڕێگاگرتن لەکارکردن بۆ بژێوی ژیان و لەناوبردنی هۆکارەکانی بەرهەمهێنانی کۆمەڵە خەڵکێك)(امین، 2015، 92). نموونەی ئەم تاوانەش دەست بەسەرداگرتنی سامان و ماڵی کوردە فەیلیەکان و ئەنفالی بارزانییەکان و شاڵاوەکانی ئەنفال و ڕووخاندن و تەختکردنی(4500) گوند و کۆکردنەوەی بەزۆرەملێی دانیشتوانی ناوچەکان لەکۆمەڵگاکان، بەبێ هیچ جۆرە سەرچاوەیەکی داهات و دابینکردنی بژێوی ژیان بۆیان. بۆیە شێوازی ئەنجامدانی سیاسەتی پەیڕەوکردنی هەر جۆرە جینۆسایدێك، دەبێتە هۆی قڕکردن و لەناوبردنی ژمارەیەك خەڵك، جا(هەر تاوانبارێك چ ڕاستەوخۆ ئەنجامدەر بێت، یان پلاندانەر بێت یاخود هۆکاربێت، ئەوا بەتاوانکاری جینۆساید دەناسرێت، تێپەڕبونی ڕۆژگاریش نابێتە هۆی لێخۆشبوون و دەربازبوونیان لەسزا و بەرپرسیارێتی لەیاسا)(عبدالعزیز ، 2005، 36)، بۆ ئەوەی لەسەرتاپای جیهاندا ڕێگری لەئەنجامدانی ئەمجۆرە تاوانە گەورەیە بکرێت، بۆ ئەو مەبەستە لەچوارچێوەی کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان بەبڕیاری ژمارە(96)ی(11/ 12/ 1946)، بەپێی یاسا بڕیاریدا(جینۆساید تاوانێکە بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی دەبەزێنێ و دژی ئامانجەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە،هەر بۆیەش لەلایەن شارستانییەتەکانی جیهانەوە مەحکوم دەکرێت)(دزەیی، 2001، 39). لەلایەکی دیکەشەوە پەیڕەوکردنی پرۆسەی ڕامیاری پاکتاوی ڕەگەزی لەلایەن تەواوی ڕژێمە جیاوازەکانی حوکمڕانی عێراق لەکۆنەوە ئەنجامدراوە، بەتایبەتیش ئەو ناوچانەی بەشی زۆری دانیشتوانی کورد بوون، لەکەرکوك و

موسڵ و خانەقین و ناوچە کوردییەکان، کە سەرەتای مێژووەکەی بۆ(دروستبوونی دەوڵەتی عیراق بەتایبەتیش دوای لکاندنی ویلایەتی موسڵ بەم دەوڵەتە لەساڵی(1925)و دۆزینەوەی نەوت لەکەرکوک ساڵی(1926))(کوردستان، 2011، 91) دەگەڕێتەوە، ئامانجی ئەم پرۆسەیەش بۆ ئەو مەبەستانە بوو:(گۆڕینی واقیعی دیمۆگرافی کورد لەناوچە کوردنشینەکان و سڕینەوەی سیمای نیشتمانی و نەتەوایەتی کورد بووە)(کوردستان، 2011، 91). ئەوەی ئێمەش لێرەدا مەبەستمانە بیخەینە ڕوو چۆنیەتی شێوازی ئەم کارە قێزەوەنەیە، کە بەرامبەر بە مرۆڤایەتی ئەنجامدراوە.

## 1. 3: پوختەیەك لەبارەی ناساندنی جینۆسایدی ئێزیدییەکان:

ئێزیدییەکان گروپێکی ئیتنیکی کورد و خاوەن ئاینێکی تایبەتین، بەشی هەرە زۆریان لە باشووری کوردستان بەتایبەتی لەدەڤەرەکانی شێخان و شەنگال نیشتەجێن. هەروەها ژمارەیەکیان لەباکوور و ڕۆژئاوای کوردستان، لەگورجستان و ئەرمەنستان دەژین.بۆیە(ئێزیدییەکان کەمینەیەکی ئاینی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن، لەڕووی ڕەچەڵەکەوە کوردن، زمانی ئەوان کوردییە، بەکوردی کرمانجی دەئاخفن، نوێژ و نزا و ڕێوڕەسم و کتێبە پیرۆزەکانیشیان بەزمانی کوردییە)(بارزانی، 2018، 4). بەپێی بەڵگەنامە مێژووییەکان چەندین جار فەرمان و هێرش کراوەتە سەر ئێزیدییەکان، جا بەهۆی پەیڕەوکردنی بیروباوەڕی ئاینی، یاخود ناسنامەی نەتەوەییان، چەوسێنراونەتەوە بەتایبەت لەلایەن(تورکە عوسمانییەکان لە(400)ساڵی ئیمپڕاتۆریەتەکەیان، ئەوا هەوڵیاندا لەڕێگای گۆڕانکاری لەئایینی ئێزیدی دروست بکەن، هاتنی(شێخ ئادی)، هەمانکات دروست بوونی ڕێزبەندی و سیستمی هیرارشی* لەنێو ئێزیدییەکان شێخ، میر، فەقیر، مرید، قەواڵ....هتد)(سامان، 2017، 403). بۆیە بەرچەندین شاڵاو و کۆمەڵکوژی و ڕاگواستن و هێرش کۆچپێکردن و جینۆساید(فەرمان) و تاوانی تری دژ بەمرۆڤایەتی بوونەتەوە، لەوانەش:(پانۆڕامای هێرشەکانی سەدەی سیانزدەهەم(1200ز- 1300ز) و هێرشەکانی سەدەی چواردەم(1300ز- 1400ز) و دواتر سەدەی پازدەم و شازدەم و حەڤدەم و هەشدەم و نۆزدهەم و بیستەم و بیست و یەکەم(2000ز- 3000ز)(بارزانی، 2018، 19- 33). تا دواجار لەلایەن ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش(دەوڵەتی ئیسلامی لەعێراق و شام)، دوای ئەوەی بەشێکی لەخاکی سوریا و عێراق داگیرکرد، لەڕۆژی(3/ 8/ 2014)دا هێرشی کردە سەر شارۆچکەی شەنگال لەخاکی کوردستان، دانیشتوانی هەڵگری ئایینی(ئێزیدی)ین، بەهۆی دەسبەرداربوونیان بەم ئاینە کۆنەی خۆیانەوە، گەلێجار لەمێژوودا(فەرمان) جینۆسایدیان بۆ دەرچووە. ئەمجارەشیان فەرمانی کوشتنی بەکۆمەڵیان بۆ دەرکرا، ئەمەشیان جۆرێکە لەئەنجامدانی تاوانی جینۆساید، بەوهۆیەوە(پیاوان و منداڵانی کۆمەڵکوژ کرد و بەزیندوویی لەگۆڕە بەکۆمەڵەکاندا ناشتنیانی، ژنان و کچانیان سەبی کران و بەسەر تیرۆریستەکانیانی خۆیانی دابەشینەوە، هێشتاش هەواڵەکان ئەوە دەسەڵمێنن کە لەبازاڕەکانی ڕەقە و موسڵ و مەیادین و ئەلبوکەمال و شەدادی سەودایان پێدەکرێت، لەشارۆچکەی سنونی و کۆمەڵگای خانەسۆر لەشنگال کە زێدی ڕەسەنی ئێزیدییەکانە و کە ئێستا ژمارەیەك لەکۆچبەرە گەڕاوەکان لەوێ نیشتەجێن. هەندێك لەو ژن و کچانە لەدەست ڕێکخستنی تیرۆرستی داعش هەڵاتوون.)(سامان، 2017، 402). ئێزیدییەکان

*Hierarchy: یەکێك لەماناکانی: ڕێکخستن بە پێ ی پلە و پایە یا گەورەو بچووکی، فەرهەنگی ئازادی ئینگلیزی- کوردی،د. حەمە ڕەشید قەرەداخی، تەهران، نەشری ئیحسان، 2006 ، ل 431 .

بەدرێژایی مێژوو هەوڵیانداوە ناسنامەی نەتەوەیی و ئیتنیکی و ئاینی و ناسنامەکەیان بپارێزن، ئەم تایبەتمەندییە یەکێکە لەو سیما و خەسڵەتە کەلتووری و فرەیی و مێژووی ناوچەکە و گەلی کوردستان لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. لەم ڕوانگەیەوە لەڕۆژی هەینی(17/ 10/ 2014) لیژنەی باڵای ناساندنی جینۆسایدی کوردانی ئێزیدی و پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینیەکانی تر، لەدیوانی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان ڕایگەیاند، کە( چەندین بەڵگەی تاوان ڕادەستی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی دەکەن، بەمەبەستی جوڵاندنی کەیسی کوردانی ئێزیدی لەناوەندە نێودەوڵەتیەکاندا)(سامان، 2017، 408)، دواتر لەلایەن نەتەوە یەککگرتووەکانەوە توێژینەوە لەسروشت و ناوەڕۆکی تاوانەکە کرا و کوشتاری بەکۆمەڵی ئێزیدییەکانی وەك جینۆساید ناسی و پاشان داوا لەئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کرا،(کەیسی جینۆسایدی ئێزیدییەکان ڕەوانەی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی لەلاهای بکات، بۆ ئەوەی ئەم دادگایە لەم تاوانە مەزنە بکۆڵێتەوە)(سامان، 2017، 411). بۆیە بەهۆی گەورەیی تاوانەکەوە دەبینین ئەم کارەساتە کۆمەڵکوژییە، لە ژمارەیەك گۆرانی و لاوك و چیرۆك و پەند و گۆتەیان ڕەنگیداوەتەوە، بەشێکی گرنگی باسی ڕەشەکوژی ئەو فەرمانە زۆرانەیە، کە بەدرێژایی مێژوو بەرامبەریان ئەنجامدراوە، هەر بۆیە ئێزیدییەکان بۆ وێناکردنی جۆری تاوانەکەیان ژمارەیەکی دیکەی فەرمانیان زیادکرد و لەمبارەیەوە دەڵێن:(ژمارەی فەرمانەکان بەمەی ڕێکخراوی داعشەوە دەکاتە(73)فەرمان لەسەدەی بیست و یەکەمدا)(هورمی، 2015، 15). کەواتە چیرۆکە تراژیدییەکانی شنگال و ئێزیدییەکان، کە باس لەکوشتن و فەوتان و ماڵ بەجێهێشتن و بەپێ ڕۆیشتن لەژێر هەڕەشەی ترس و دڵەڕاوکێ و تۆقین، بەبێ ئاو و نان ڕووە و ڕزگاری و ئازاد بوون و دیمەنی کارەساتباری کۆچڕەویان هەوێنی ناوەڕۆکی بنیاتی پەیام و بابەتی ئەدەبن، دیارە ژانری شیعریش پێگەیەکی بەتین و کاریگەرە بۆ بەزیندوومانەوەی ئەمجۆرە تاوانە و سوود و پەند لێوەرگرتن و سەر لەنوێ داڕشتنەوە و خستنەڕووی بەشێوەیەکی هونەری و ئەدەبییانە.

### 1. 4: ناساندنی پێڵاوی شەنگالییەکان

دیوانە شیعرێکی شاعیرە وپێکهاتووە لە پێشکەشە(پێڵاو)و پێشەکی بەپێنووسی(د. مایکل لێزەنبێرگ) و (25)شیعر و سوپاس و دواتر لەهەمان دیواندا وەرگێڕدراوەتە سەر زمانەکانی عەرەبی و فارسی و تورکی و ئینگلیزی ولەلایەن دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، 2015 بڵاوکراوەتەوە.

### 2. ڕەنگدانەوەی جینۆسایدی ئێزیدییەکان لەدیوانی پێڵاوی شەنگالییەکاندا:

لەم تەوەرەیەدا بەشێوەیەکی پراکتیکی دەستنیشانی بنیاتی هزری و هونەری ئەو پەیام وبابەتانە دەکەین:

### 2. 1: ناسنامەی نەتەوەییبوون

ناسنامەی نەتەوەییبوون یەکێکە لەو تایبەتمەندییانەی، هەر تاکێك شانازی پێوە دەکات، بۆیە شاعیر لەشیعری(تورەیی پیر)بەبەکارهێنانی دەستەواژەی ڕەمزی ئەفسانەی(هێ ی دنیا و هێ ی جیهان)و(پیر)وەك چین و پلە و ڕەمزێکی ئاینی ئێزیدی، دەیەوێت گفتوگۆیان لەگەڵ بکات و ئاگادار و زانیاریان هەبێت، بەشێوەی وروژاندنی دوو پرسیاری فەلسەفی و مێژوویی، کە لەگشت جیهان و

مێژووشدا هیچ ژینێك له خاكیكوردستان پڕ باجتر نییه و تاجی سەری هیچ پادشایەك لەتاجی پێی پەتی منداڵە شنگالیەك پڕ تاجتر نییە، بەبەراوردكردنی ئەو دوو دیمەنە مەبەستیەتی ناسنامەی نەتەوەیی بوونیان پێبدات و دەڵێت:

**- هێ ی دنیا**
**تۆ ئاگاداری،**
**لەهەموو جیهاندا**
**هیچ ژیانێك**
**لەژیانی نێو(كوردستان)**
**پڕ (باج) تر نیە؟!**
**هێ ی جیهان**
**تۆ دەزانی،**
**لەهەموو مێژوودا**
**تاجی سەری**
**هیچ پادشایەك**
**لەتاجی پێی پەتی**
**منداڵە شنگالیەك**
**پڕ (تاج) تر نیە؟! (حەسەن، 2015، 15)**

هەروەها شاعیر لەدەقێكی تردا، جەخت لەسەر پارێزگاریی نەتەوەییبوونی ئێزیدییەكان لەچیای شنگال دەكاتەوە،(پیرەك)بریندارببوو،تاكێكی پێڵاوە بریندارەكەی جێنەهێشت و بەپێخواسی و برینداری بەردەوامبوو لەژیان لەپێناوی پیرۆزیی نەتەوەییبوونی تا ڕزگاربوو:

**پیرەك...**
**لەچیای شنگال**
**تاكێكی پێڵاوەكەی**
**بریندار بوو.**
**بەجێی نەهێشت**
**هەردوو تاكی پێكەوە**
**خستە باخەڵی،**
**بەپای پەتی**
**بەپێڵاوی بریندارەوە**
**بەردەوام بوو**
**تا رزگار بوو (حەسەن، 2015، 18)**

## 2. 2: مرۆڤدۆستی و گەورەیی هێز و مانەوە

شاعیر لەدەقی(**مۆر**) وەك ڕەنگێكی هێمن و ڕۆحانی و پەرستن و مرۆڤدۆستی و ڕێزگرتن لەخودی مرۆڤ و هەستكردن بەتوانای گەورەیی هێز و مانەوە و تەسلیم نەبوون پیرۆزییەك بداتە پێڵاو، لەگەڵ پیرێكی نوورانی، چۆن ئامادەن بەرەو چیای شنگال هەوراز و لێژی بەڕێ بكەن، بەڵام خاوەنی ئیرادەی خۆیانن، ئەگەرچی درانە بەر ڕێژنەی دەستڕێژ، نوورانی بریندار و پێڵاو كونی تێكەوت، بەڵام بەیەكەوە

لەیەکتر دانەبڕان و ملکەچی دوژمن نەبوون، بۆیە خوێن ڕێچکەی بەست، چیای شنگال سوور و ئاڵ بوو، قۆناغی ناخۆشی بڕی و بەرەو سەردەمێکی نوێ و  ژیانێکی تازە هەنگاوی نا.

**پێڵاوێکی پیرۆز**

**لەگەڵ پیرێکی نوورانی**

**خۆیان نەدایە دەست،**

**بەرەو چیای شنگال**

**بەڕێ کەوتن**

**هەوراز و لێژ.**

**لەپڕ بەجووتە**

**درانەبەر**

**ڕێژنەی دەستڕێژ.**

**نوورانی.. بریندار بوو**

**پێڵاو.. کونی تێکەوت.**

**خوێن ڕێچکەی بەست**

**شنگال سوور بوو**

**شنگال ئاڵ بوو**

**بۆ یەکەمینجار**

**چیای شنگال**

**بەرەو سەردەمێکی تازە**

**مۆری خوێناویی**

**ژیانێکی**

**نوێی پێکەوت.** (حەسەن، 2015، 16)

**2. 3: داهێنان لەپێناو بەردەوامی ژیان**

پرۆسەی(داهێنان)وەك یەكێك لەبەرزترین سیفە كردارییەكانی مرۆڤ دەرخەری توانا و هێز و دەسەڵاتیەتی، بۆ دروستكردنی شتێكی نوێ، لەپێناو بەردەوامی ژیان و بەرەو پێشچوونی ژیار، بەهۆی شێواز و كەرەستەیەكی هونەرییەوە، لەم دیدگایەوە شاعیر لەم دەقەیدا باسی دەربازبوون لەهێزی تاریكی و چاونەترس بوون و ڕاكردن لەكۆت و بەند و سەربەخۆیی و متمانەی توانای منداڵە شنگالیەك دەكات، بۆ

ڕۆیشتن لەپێناو پەیامی گەیشتن بەڕووناکی و بەردەوامی ژیان، لەگەڵ ئەوەی پێڵاوەکانی گیان لەدەستدەدەن، بەڵام منداڵ وەك نەوەی داهاتوو و سەرمایەی مرۆڤایەتی نوێترین پێڵاوی داهێنا، لەکۆنترین کەرەستەی کوردەواری(لباد و بەن)، بۆ بەشداریکردنی پەیامی مرۆڤایەتی هەر بۆیە دەڵێت:-

**لەهەڵاتندا**

**هەڵاتنی دەست تاریکی**

**لەپێناو ڕۆیشتن**

**لەپێناو ڕووناکی و**

**بەردەوامی ژیان.**

**منداڵە شنگالیەك**

**پێڵاوەکانی**

**گیان لەدەست دەدەن.**

**لەپارچەی لباد و بەن**

**نوێترین پێڵاوی**

**داهێنا،**

**پێڵاوێکی**

**پڕ لەپەیامی ژیان.** (حەسەن، 2015، 17)

**2. 4: خۆشویستنی کەرەستەی بەهادار و بایەخپێدانیان**

یەکێك لەو لایەنانەی مرۆڤایەتی لەکۆنەوە بایەخی پێداوە و خۆشیویستووە، کەرەستەی بەهادار بووە. شاعیر لەدەقی(**بەرد**)دا، وەك کارێکی داهێنراوی مرۆڤ ئاماژە بە(پێڵاوی بەرد) وەك ڕەمزی کۆنینەی مێژووی مرۆڤ، کە هیچ پاشاو و پاڵەوانێك بۆیان نەکڕابێ و بەدەست نەهاتبێ، لەپێ دەکات، وەك کەرەستەیەکی بەنرخ و بایەخدار:

**پێڵاوێکی بەرد**

**لەپێ دەکەم.**

**پێڵاوێك،**

**هیچ پاڵەوانێك**

**بەدەستی نەهێنابێ**

**پێڵاوێك**

**هیچ پادشایەك**

**بۆی نەكڕابێ!** **(حەسەن، 2015، 19)**

هەروەها پەیامی دەقی شیعری(**میرات**)، بۆ مرۆڤی شنگالی ئەوەیە، ئاماژە بەمانەوەی مافێك و دابەشكردن و گواستنەوەی شتێك و كەرەستەیەكە بۆ نەوەی دوای خۆی، بۆیە منداڵێكی لەچیای شنگال وەك ڕەمزێك هەڵبژاردووە، كە دوای ئەوەی دایكە پیر و نەخۆشەكەی بەهۆی تەمەنەوە بەرگەی كۆچ و ڕەوی نەگرت و مرد، منداڵیش دوای نەمانی دایكی بێ پشت و پەنا دەبێت، بۆیە بۆ سەبووری و هاودەنگی پێڵاوەكانی دایكی وەك میرات بۆی مایەوە و پیرۆزە بۆیە ماچی كرد و لەگەڵا خۆی برد، تاكو ئەویش تا مردن گرنگی و بەهای كەرەستەكانی خۆیان بزانێت و خۆشی بووێن، بەمشێوەیە:-

**منداڵێك**

**لەچیای شنگال**

**دایكە پیر و نەخۆشەكەی**

**بەرگەی كۆچ و ڕەوی**

**نەگرت.. مرد.**

**منداڵەكەش**

**بۆ سەبووری و**

**هاودەنگی**

**پێڵاوەكانی دایكی**

**ماچ كرد و**

**لەگەڵا خۆی برد.** (حەسەن، 2015، 22)

## 2. 5: پیرۆزی چەمكی خۆشەویستی و خێزانداری

پیرۆزی چەمكی خۆشەویستی و خێزانداری پەیوەستە بەمرۆڤ و بۆیە هەوڵ لەپێناو بەدەسهێنانی دەدات، لەم ڕوانگەیەوە شاعیر لەشیعری(**هاوسەر**)دا، ئاماژە بەلایەنێكی بەهاداری خۆشەویستی(ژن و پیاو)ێك دەكات، لەڕێگەی كەرەستەی(پێڵاو)چەشنی ڕەمزێك، لەسەر بنەمای (بیری بەهار)،وەك هێمای نوێبوونەوەی ژیان بۆ بەیەكگەیشتنی خێزان و پێكەوەیی و بەردەوامی، تاكو ببنە خاوەنی یەك ماڵ بنیاتنراوە.

**دوو تاكە پێڵاو**

**یەکێکیان،**

**پێڵاوی ژن**

**ئەوەی تریان**

**هی پیاو**

**لەسەر (بیری بەهار)**

**لەچیای شنگال.**

**گەیشتنە یەك و**

**ڕێککەوتن،**

**سەر پێکەوە نێن**

**بۆ ڕۆیشتن**

**بۆ بەردەوامی ژیان**

**ببنەوە بەخاوەن ماڵ.** (حەسەن، 2015، 25)

**(مارەیی)**دەقێکی دیکەیە باس لەبابەتی خۆشەویستییەکی پاك و بێگەرد و پیرۆز و حەلال دەکات، بۆ پێکهێنانی پرۆسەی خێزانداری و بوون بەیەك ماڵ، زۆر بەدڵ و داو ڕێککەوتن، چونکە دڵ شوێنی سەرەکی خۆشەویستییە(غفور و عبید، 2018، 186)، لەگەڵ ئەوەشدا بەڵام مارەییەکەیان تەنیا جووتێك پێڵاوە، وەك نیشانەی پیرۆزی و وەفا و بەردەوامیدان بەژیانی پڕ لەجوانی و سۆزداری و بەیەکتر گەیشتن، بۆیە شاعیر دەڵێت:-

**کچ و کوڕێکی شنگال**

**یەکتریان خۆشدەویست**

**خۆشەویستییەکی،**

**پیرۆز و حەلال**

**لەکۆچ و ڕەو**

**زۆر بەدڵ و داو.**

**ڕێککەوتن و بڕیاریاندا**

**ببن بەیەك ماڵ.**

**مارەییان بۆ یەکتر**

**جووتێك پێڵاو بێت،**

**پێڵاو.** (حەسەن، 2015، 24)

**2. 6: بەجیهانیبوونی ڕووداوی جینۆسایدی ئێزیدییەکان**

جیهانیبوونی هەر ڕووداوێك پێویستی بەهەوڵ وكۆششە، تاكو بەدونیای بناسێنی، بۆیە جینۆسایدی ئێزیدییەکانیش کارەساتێکی گەورەیە، لەم ڕوانگەیەوە شاعیر لەڕێگەی دەقی (**نوێنەر**)ێك، مەبەستییەتی گەورەیی ئەو تاوانە بەنەتەوە یەکگرتووەکان بگەیەنێت و چیان پێویستە تا گوێیان لێبگرێت و یارمەتییان بدات و لەڕێگەی دایەلۆگی(پیر)ەوە، با لەداهاتوودا ڕێز لەپێڵاوی بێ پێ بگرن و ئاوڕ لەنەتەوە بێ وڵات و پشتیوانەکان بدەنەوە و ڕووداوەکە بەجیهانیبوون بکات. لەم بارەیەوە دەڵێت:-

**- چی لەنەتەوە یەکگرووەکان**

**دەخوازن،**

**چیتان بۆ بکەن؟**

**ئێستا ئامادەن**

**یارمەتیتان بدەن ،**

**گوێتان لێ بگرن.**

**- پیر: پێیان بڵێ**

**با لەمەودوا**

**ڕێز لەپێڵاوی**

**بێ پێ بگرن.** (حەسەن، 2015، 33)

**2. 7: سۆزو بەزەیی**

سۆز و بەزەیش پەیوەستە بە هەست وسۆز و دڵ و دەروونی مرۆڤەوە، هەر بۆیە شاعیر وێنای منداڵە شەنگالییەك دەكات، کە چۆن دڕکوداڵی چیای شەنگال هێندە بەسۆزو بەزەیین و بوونەتە پێڵاو بۆی و لە گەرماو سەرما دەیپارێزن! جا ئەو پێڵاوەیش هێندە بەنرخ و گرانبەهایە؛ هەرچی پاڵەوان و پاشا هەن بەدەستیان نەهێناوە! بۆیە ئەم پێڵاوە لای شاعیر هێندە بەنرخە، چونکە بەندە بەمانەوەی میللەتێك! و دەڵێت:-

**پێڵاوی قایش،**

**دڕا**

**پێڵاوی لاستیك،**

**پچڕا**

**پێڵاوێکی بەرد**

**لە پێ دەکەم.**

**پێڵاوێك،**

**هیچ پاڵەوانێك**

**بەدەستی نەهینابی**

**پێڵاوێك**

**هیچ پاشایەك**

**بۆی نەكڕابێ!          (حەسەن،2015،ل19)**

شیعری(**كارگە)**ش دەرخەری هەست و سۆز و بەزەیی شاعیرە، بۆ ڕوودانی هەمان كارەسات، هەر بۆیە شاعیر(شنگال)ی بەدایكێكی دڵسۆز چواندووە، كە بەردەكانی هەڵوەراند، تاكو بۆ بەرپێی پێخواسەكان بیكاتە خۆڵێكی نەرم و پیرۆز ، بۆ ئەوەی ئازاری پێنەگات:-

**شنگال**

**بەردەكانی خۆی**

**هەڵوەراند**

**وەك دایكێكی دڵسۆز**

**بۆ بەرپێی**

**پێخواسەكان**

**كردی بەخۆڵێكی**

**نەرم و پیرۆز  (حەسەن، 2015، 26)**

**2. 8: تەنیایی و خەمی دووری و دابڕان**

شاعیر لەم دەقە شیعرییەدا، وێنای كارەسات و فەرمانی شەنگالییەكان دەكات، كاتێك چۆن پیرەپیاوێكی تەنیا، ئاخ و حەسرەتی دووری و كوژرانی منداڵەكانی هەڵدەكێشێت! كوڕەكانی كوژراون و كچەكانیشی كراون بە(سەبایە) فرۆشراون و مامەڵەیان پێوەدەكرێت! بۆیە خەم و تەنیایی هێندە تینی بۆ هێناوە، هەست بەدڵتەنگی وبێزاری وبێكەسی و دووری و دابڕان دەكات(د.كامران ود.شاخوان، 2024، 765)، بۆیە بۆ سەبووری و دڵئارامی خۆی پێڵاوی دڕاوی نەوەكانی لەباوەشگرتووە! لەمبارەیەوە دەڵێت:

**باوكێك**

**لەشنگال**

**كوڕەكانی هەمووی،**

**كوژرابوون.**

**كچەكانی هەمووی**

**بردرابوون.**

**ئەوەی بە دەستیەوە مابوو**

**وێنەی**

**منداڵەکان و**

**جوتێك پێڵاوی**

**دڕابوون. (حەسەن،2015، 23).**

**2. 9: ئاوێتەکردنی پیرۆزی ئایین و نیشتمان**

لێرەشدا شاعیر وێنای(**حەج**)لای ئێزیدییەکان دەکات و بەهۆی پیرۆزیەوە، کاتێك دەچنە سەر مەزاری(**شێخ ئادی**)دەبێت بەبێ پێڵاو سەردانی مەزارەکە بکەن، بەڵام بەهۆی ئەوەی جینۆسایەد دەکرێن و لەکاتی هەڵاتنیان، بە سروشتی خۆیان پێلاوەکانیان داکەندووە! بەڵام لێرە لەپێناو مانەوەی شوناسیان بەپێی(پێ خواس)هەڵاتوون! لەئەنجامی ئەمەدا پێلاوەکانیان دڕاوە، جارێکی دیکە لە چوونیان بۆ حەج هەرگیز پێلاوەکانیان داناکەنن. بۆیە دەڵێت:

**تا ئێستا ئێزیدییەکان**

**کە دەچوونە حەج**

**لەبەر دەرگای**

**لالشی نورانی،**

**پێلاوەکانیان**

**دادەکەند.**

**لەمەودوا**

**هەر لە شنگالەوە**

**پێتان خواس کەن**

**حەجتان قبوڵە**

**بێ چۆن و چەند.(حەسەن،2015، 27).**

هەروەها لێرەدا لەبارەی خەبات و قوربانیدان(دەقئاوێزان)،لەنێوان ئەم دەقەو(**سەربازی ون**) ی (عەبدوڵلاپەشێو)هەیە، کاتێك دەڵێت:

**کە وەفدێ دەچێتە شوێنێ،**

**بۆ سەر گۆڕی سەربازی ون،**

**تاجە گوڵینەیەك دێنێ،**

**ئەگەر سبەی**

**وەفدێك بێتە وڵاتی من،**

**لێم بپرسێ:**

**((کوانێ گۆڕی سەربازی ون؟))،**

**((دەڵێم!:**
**گەورەم!**
**لەکەناری هەر جۆگەیێ،**
**لەسەر سەکۆی هەر مزگەوتێ،**
**لەبەر دەرگای**
**هەر ماڵێ، هەر کڵێسەیێ، هەر ئەشکەوتێ،**
**لەسەر گابەردی هەر شاخێ،**
**لەسەر درەختی هەر باخێ،**
**لەم وڵاتە:**
**لەسەر هەر بستە زەمینێ،**
**لەژێر هەر گەزە ئاسمانێ،**
**مەترسە! کەمێك سەر داخەو**
**تاجە گوڵینەکەت دانێ! (پەشێو،429،2006-430).**

(پەشێو)لەباسی گۆڕی(سەربازی ون)دا پێی وایە کوردستان هێندەی شەهیدو قوربانیداوە، هەموو شوێن و جێگاو قوژبنێکی شیاوی ئەوەیە ببێتە گۆڕی(سەربازی ون)!،مەبەست هەموو شوێنێك لە کوردستان هی ئەوەیە تاجە گوڵینەی لێدابنرێت! دەقی دووەم؛ حەجی ئێزیدییەکانە، کاتێك بەهۆی فەرمان و جینۆسایدکردنیان و هەڵاتنیان لەپێناو مانەوەیان پێڵاوەکانیان نەماوە و لەهەر شوێن و جێگەیەك بن دەتوانن بێنە شوێنە پیرۆزەکان!

## 2. 10: گێڕانەوەی مێژوو و زانینی داهاتوو

شاعیر وەکو ڕۆماننووسێك گفتوگۆیەك لەنێوان دوو پێڵاو دروستدەکات، یەکێکیان منداڵەو ئەوی دیکەیان مێژوونووسە! باس لەوە دەکرێ؛ کە ئێزیییەکان هێندە جینۆسایدکراون، کار لە دڵدانەوە دەرچووە! سەرباری شارەزایی مێژوونووسەکە لەبارەی مێژووی کورد، بەڵام تا ئێستا لە ئازارو گەورەیی و ئەو کارەساتانە نەگەیشتووە کە بەسەر کوردو ئێزیدییەکاندا هاتووە! بەهۆی ئەوەی منداڵە شەنگالییەکە بە کردەیی لەنێو ئازارو مەینەتییەکاندا ژیاوە، بارتەقای هەموو مێژوونووسەکانی دونیا دەزانێت! بۆیە لە کۆتایی گفتوگۆکە دەڵێت:(ئەو کارەساتانەی بەسەرماندا هاتوون، ڕوویانداوە و لە داهاتوویش ڕوودەدەنەوە!). ئەمەشیان بابەتێکی دیکەیە و شاعیر لەشیعری(**فەرمان**)بەمجۆرە دەدوێت:

**لە کۆچ و ڕەوی**
**شنگالییەکان**
**پێڵاوێکی**
**مێژوونووس.**
**خەریك بوو**
**دڵی پێڵاوێکی**
**گەنجی دەدایەوە.**

**ورده ورده**

**پێ بە پێ**

**فەرمان بە فەرمان**

**ڕابردووی**

**دوور دووری**

**بۆ دەگێڕایەوە.**

**گەنجی پێڵاو سەرسام بوو**

**توڕەو توند هەڵسایەوە.**

**ئەوە چیە؟ باسی چی دەکەی؟**

**پێڵاوی پیر؟**

**ئەوەی تۆ دەیڵێی،**

**هەرهەمان بەسەرهاتە**

**ڕوویانداوەو**

**ڕوویاندایەوە! (حەسەن،2015، 28).**

**2. 11: خۆشەویستیی نیشتمان و زێد**

دیسانەوە گفتوگۆی ڕۆژنامەنووس پیرەپیاوێکی دونیا دیتە دەگێڕێتەوە، مامەپیرە هێندەی خاکو زێدەکەی خۆشدەوێت تەنانەت ئەو پێڵاوەش نافرۆشیت، چونکە تۆزی نیشتمانی پێوەیەو بەشێکی دانەبڕاوە لێی! ئەمەیش ئەوەمان بیردینێتەوە،کە نووسەری گەورەی تورك(ئیسماعیل بێشکچی)دەڵێت؛(کوردەکان هیچ دۆستێکیان نییە، جگە لەچیاکان)، هەرئەمەشە پاراستوونی و لەسەرپێ هێشتوونیەتەوە. باسکردنی ئەم بابەتەش یەکێکی دیکەیە لەپەیام و بیرۆکە شیعرییەکانی شاعیر، بەمشێوەیە لەدەقی(**نەفرۆشتن**)دا:

**ڕۆژنامەنووسێك،**

**ویستی**

**پێڵاوی دڕاوی**

**(پیر)ێ بکڕێ!**

**پیرە: نایفرۆشم.**

**نایفرۆشم.**

**تۆزی نیشتمانی پێوەیە.**

**ئەمە پێڵاو نیە !**

**ئەمە چیای شنگالە**

**لە سایەی ئەو پێڵاوەیە**

**میللەتێک،**

**بەسەر پێوەیە.(حەسەن،2015، 31).**

شاعیر لەبەشێکی دیکەی شیعری(**کارگە**)دا، باس لەکۆبوونەوەی گشت شنگالییەکان پێکەوە دەکات، لەپێناو مانەوە و خۆشەویستی زێد و وڵات قوربانی دەدەن و پێڵاوی خەباتیان دڕی:-

**کاتێ شنگالیەکان**

**هەموو پێکەوە**

**لەپێناو مانەوە**

**پێڵاوی خەباتیان دڕی،  (حەسەن،2015، 26)**

دواتر لەبەشێکی دیکەدا ئاماژە بەخەباتی شنگالییەکان دەکات و کە بەدەستی خۆیان بۆ بەئامانج گەیشتنیان شریتی شۆڕشێکی تازەی پێڵاوی نوێ دەبڕن:-

**هەر بەدەستی خۆشی**

**شریتی شۆڕشێکی نوێی**

**پێڵاوی تازەی بڕی. (حەسەن،2015، 26)**

**2. 12: برسیەتی و هەوڵدان لە پێناو مانەوە**

برسیەتی و هەوڵدان لەپێناو مانەوەدا لایەنێکی دیکەیە کە مرۆڤ بەخۆیەوە سەرقاڵ دەکات، هەر بۆیە ئەم بابەتەشیان لەڕووی ناوەخنەوە جێگەی بایەخ و سەرنجی شاعیرە، لەدەقی(**ڕۆبۆسکی**)دا دەڵێت:

**دایکێك،**

**لە شنگال**

**بێ منداڵ بوو**

**بێ پیاو بوو.**

**ئەوەی لە دوا فەرمان**

**بۆی ڕزگارکراو**

**پێی مابوو**

**تاکێك پێڵاوبوو.**

**پێڵاو لە باوەش**

**لە ڕۆبۆسکی**

**سەرەی نانی گرتبوو**

**نەفەرێکیان پێدا،**

**گوتی:**

**بۆمان بکەن بە دوو. (حەسەن،2015،ل37).**

شاعیر دوو بابەت ئاوێتەی یەکتر دەکات؛ لەلایەك وێنەی ئافرەتێکی جەرگسووتاو دەکێشێت، کاتێك هیچی نەماوەتەوە تەنیا پێڵاوی منداڵەکانی نەبێت، بۆیە لە سەرەی نان وەرگرتندا داوای دوو نەفەر دەکات، دوای ئەم نووسەر زۆر شارەزایانە باسی (**کارەساتی ڕۆبۆسکی**)*دەکات، کە ئەوانیش لەپێناو لەتێك نان کۆمەڵکوژکران**!** ئەوەی هاوبەشە لەنێوانیان(کوردبوون و برسێتییە**!**)، لەوەتەی کورد هەیە، کۆمەڵکوژ وبرسیکراوە**!**، بەڵام هەرماوە و هەردەشمێنێت. هەردوو کارەساتەکەیش دوژمنان بەمەبەستی سڕینەوەی کورد ئەنجامیانداوە، هەر بۆیە لێرەدا بەیەکەوە گرێدراون.

## 3. ئەنجام:

لەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

1- بەشێوەیەکی گشتی ئەو دەقانەی شاعیر نووسیونی؛ قرچەو ژانی کوردبوونی زۆربەمانن، ژانێك هێندە بەسوێ و پڕ ئازارە، بۆی هەیە ئێمە نەتوانین دەری ببڕین و بەزمانی حاڵ گۆی بکەین**!** بۆیە ئەوەی دەبینرێت، ڕەنگدانەوەی جۆری ئەو کارەساتانەن کە بەسەر میللەتی کورددا هاتووە.

2- شاعیر هاتووە وێنای کۆی کۆژان و ناسۆری کوردو کارەساتی شەنگال و فەرمانی ئێزیدییەکانی کردووە، سێرە پتر لەسەر(ژن و منداڵ و پیر)کراوەتەوە، چونکە لە زۆربەی شەڕو کارەساتەکان ئەوانن دەبنە سوتماك، ژنێك پێڵاوی منداڵە کوژراوەکەی لێ بووەتە منداڵ و پیرێکیش پێڵاوی لێ بووەتە نەوە.

3- شاعیر ئەو جیهانبینییەی خۆی بە شیعر داڕشتووە، لە باسکردنی ڕووداوەکاندا هەوڵیداوە لە ئاست گەورەیی و دڕندەیی ئەو کارەسات و کۆمەڵکوژییە گەورەیەدا بێت، کە ئازارو مەینەتییەکانی میللەتێکیشی مەزراندووەتە نێو دەقەکانی خۆی، بە ناڕاستەوخۆ ئەوە لە خوێنەر دەگەیەنێت؛ ئەمەی بەسەر کورد داهاتووە بەسە، ئیدی کۆمەڵکوژی کوردو با چیتر ئێزیدییەکاندا نەیەتەوە**!**

4- ئەوەی زۆرتر لە دەقە شیعرییەکان دەبینرێت؛ هەڵاتنە بەبێ پێڵاو بەبێ هیچ پێداویستییەکی سەفەرو ڕۆیشتن، بەڵام ئەوەی جیاوازە، لای شاعیر هەڵاتن لە پێناو مانەوەیە، بۆئەوەی بمینێت دەبێت ڕابکات،

---

* کارەساتی کۆمەڵکوژی ڕۆبۆسکی لە(٢٠١١/١٢/٢٨)،لە گوندی ڕۆبۆسکی شێرناخ(٣٤)کۆڵبەری کورد شەهیدکران بە دەستی فڕۆکەکانی ڕژێمی تورکیا، واتا دوو سێ ڕۆژ بەر لەوەی ساڵی(٢٠١١)ماڵئاوایی بکات، لە نێوان کاتژمێر(٩:٣٩ و١٠:٢٤)لە سەر سنوورە دروستکراوەکانی عێراق و تورکیا کارەساتێکی دڵتەزین قەوما. کاروانی سی و هەشت کاراونچی مێردمناڵ و کوڕی گەنج، کە خەڵکی هەردوو گوندی(**ڕۆبۆسکی و بێجو**) بوون، کەوتنە بەر هێرشی فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا(بیست و حەوت)یان یەکسەر لەو شوێنە شەهید کران،(هەشت)یشیان بە سەختی بریندار بوون، کە حەوتیان بەر لەوەی بگەیەنرێنەوە دێ لە ڕێگا ژیانیان لە دەستدا، ئەوی دیکەیان دوای ئەوەی بۆ چەند مانگێک لە نەخۆشخانە مایەوە چاکبووەوە. واتا لەو(سی هەشت)کاروانچییەی لەو ئێوارە سارد و تاریکەدا بە خۆیان و ڕەشەوڵاخەکانیانەوە ڕوویان لە سنوورەکان کرد بۆ پەیداکردنی بژێوی خۆیان و خێزانەکانیان تەنها(چوار)یان لە مەرگ ڕزگاریان بوو. ئەم ڕووداوە دڵتەزێنە بە(کارەساتی ڕۆبۆسکی)ناوی دەرکرد، چونکە نزیکترین ئاوایی بۆ شوێنی کارەساتەکە ڕۆبۆسکییە.

ڕاکردنێك نەوەك نابێتە پاکتاوی نەژادی و ئایینی، بەڵکە ڕژدتر دەبن بۆ مانەوە لە زێدی خۆیان و هەر دەشمێنن.

5- ئەوەی بە ڕوونی لەڕووی ناوەڕۆك و شێوازو مۆسیقای دەرەوەو ناوەوەی دەقەکاندا دەبینرێت، هونەرو دابونەریت و ئەفسانەو لاوکی کوردو ئێزیدییەکانە، دابونەریتیك وەکو یاسایەك لەنیو خوێنیان دایەو سەدان ساڵە پێوەی پابەندن، ئەمەشیان خاڵی جیاکەرەوەی ئێزیدییەکانە .

6- شاعیر لەڕووی ناوەڕۆکەوە باسی ئەم بابەتانەی کردووە: ناسنامەی نەتەوەیی بوون، مرۆڤدۆستی و گەورەیی هێز و مانەوە، داهێنان لەپێناو بەردەوامی ژیان، خۆشویستنی کەرەستەی بەهادار و بایەخ پێدانیان، پیرۆزی چەمکی خۆشەویستی و خێزانداری، بەجیهانیبوونی ڕووداوی جینۆسایدی ئێزیدییەکان، سۆزو بەزەیی، تەنیایی و خەمی دووری و دابڕان، ئاوێتەکردنی پیرۆزی ئایین و نیشتمان، گێڕانەوەی مێژوو و زانینی داهاتوو، خۆشەویستیی نیشتمان و زێد، برسیەتی و هەوڵدان لە پێناو مانەوە و زیاتر گرنگیی بەنەتەوەییبون و کورد بوونیانداوە.

## 4. لیستی سەرچاوەکان:

### 4. 1: کتێبەکان:

#### 4. 1. 1: بەزمانی کوردی:


- امین، ویسی صالح حمد و نووسەرانی تر، جینۆسایدی گەلی کورد، چاپی سێیەم، 2015.
- بارزانی، ڕێبوار ڕەمەزان، جینۆسایدی ئێزیدییەکان لەسەدەی بیست و یەکەمدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەنگەر، 2018.
- پەشێو، عەبدوڵڵا، دیوان، پشت لە نەواو ڕوو لە کڕێوە، چاپخانەی وەزارەتی پەوەردە،چاپی یەکەم، کوردستان، هەولێر،(2006).
- حەسەن، مەولود ئیبراهیم(د.)، پێڵاوی شنگالییەکان، شیعر، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، 2015.
- دزەیی، یوسف معروف(د.)، ئەنفال کارەسات، ئەنجام و ڕەهەندەکانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2001.
- سامان، فەرەیدوون، کۆمەڵکوژی ئیزیدیەکان و کەوتنی شەنگال، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، 2017.
- عبدالعزیز، محەمەد ڕەئوف، ئەنفال و ڕەهەندە سۆسیۆلۆجی یەکانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، 2005.
- عزیز، سهیل خورشید، پرۆسەکانی پاکتاوی ڕەگەزی لەناوچەی کفری، چاپی یەکەم، چاپخانەی یاد، سلێمانی، 2013.
- کوردستان، یەکێتی پەرلەمانتارانی، جینۆساید و تاوانەکانی ڕژێمی عێراق دژ بەگەلی کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، 2011.

– گوڵ، مارف عومەر دکتۆر، جینۆسایدی گەلی کورد، چاپی پێنجەم، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر، 2010.

**4. 1. 2: بەزمانی عەرەبی:**

– أﷲ، أحمد عطية، القاموس السياسي، دار النهضة العربية، طبعة ألثالثة، القاهرة، 1968.
– هورمي، حسو، الفرمان ألأخير داعش وألأبادة ألجماعية للإيزيديين، تقديم و مراجعة: سعد سلوم، الطبعة ألأولى، لبنان، 2015.

**4. 2: فەرهەنگ:**

– قەرەداخی، د. حەمە رەشید، فەرهەنگی ئازادی ئینگلیزی- کوردی، تەهران، نەشری ئیحسان، 2006.

**4. 3: گۆڤار:**

– خۆشناو و محمد، د. کامران ابابکر خضر، د.شاخوان فرهاد، ڕەهەندی دەروونیی لەدیوانی(یادنامە)ی(سەرکەوت ڕەسوڵ)دا، گۆڤاری زانکۆی کەرکوك توێژینەوە مرۆڤایەتییەکان، المجلد: 19، ژمارە: 1، 2024.
– غفور و عبید، م.م. شنو احمد غفور، م.د. ارخوان محمد عبید، زوڵف لەبونیادی شیعرە کوردییەکانی وەفاییدا، گۆڤاری زانکۆی کەرکوك توێژینەوە مرۆڤایەتییەکان، المجلد: 13، ژمارە:1، 2018.